ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE

# چەند پەراوێزێك بۆ هەڵمەتەكەی ئەمەریكا

## بەشی یەكەم

ڕۆژنامەی كۆمەڵ ، ژمارە ٩، ٢٠٠١/٩/٢٧، لاپەڕە ٧

### ( ١ ) حساباتی هەڵەی ئەمەریكا

وا بڵاوە ئەمەریكا ئوسامە بن لادن بەدوژمنی یەكەمی خۆی دەزانێت، ئەمەریكاش دەزانێت كوشتنی ئوسامە كۆتایی بەو شتەی ناوی دەنێت ئیرهاب ناهێنێت. حسابێكیش هەیە لەوەناچێت ئەمەریكا كردبێتی كەحسابێكی ماتماتیكییە. ڕەنگە بتوانرێت گوندێكی پەنجا نەفەری سەركوت بكرێت و كەس فزەیەكی ناڕەزایی لێدەرنەچێت.لە پەنجا كەس یەك نەفەری یاخی دەرنەچێت ئەمە ڕێی تێ دەچێت و زۆریش ڕوویداوە بەڵام ئەگەر پەنجا كەسەكە پێنج سەد بن ئیحتمالی دەركەوتنی یاخیبوویەك زۆرترە. تا ژمارەكەش زیاتر بێت ئیحتمالەكە گەورەتر دەبێت. موسڵمانانیش لەملیارێك كەس زیاترن بۆیە پەیدا بوونی ئوسامەیەك، بگرە زیاتریش لەیەك ئوسامە، لەخانەی ئیحتمال نامێنێت و دەچێتە خانەی حەتمیەت. ئوسامە بشكوژرێت یەكێكی تر پەیدا دەبێت و بەو كارە هەڵدەستێت كەئوسامە بۆی نەكرابوو، ئەوكاتەش بەهۆی ئەو قینە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەدڵی موسڵماناندا كۆدەبێتەوەو موسڵمانان شوێنی دەكەون.

### ( ٢ ) ئەمەریكا بەهەڵوێستەكانی خۆیدا دەچێتەوە؟

باشە ئەگەر كوشتنی ئوسامە چارەسەر نەبێت و ئەگەر پێویست بێت لەسەر ئەمەریكا چاوەڕێی پەیدابوونی ئوسامەیتر بكات ئەی بۆچی ئەمەریكا وا ڕەفتار دەكات و بەخۆیدا ناچێتەوە؟ لەمەش لەپێشتر بۆچی لەخۆی ناپرسێت: بۆچی هێرشەكان ئاراستەی خۆم كرا نەك وڵاتانیتر؟ ئایا بەهۆی ڕەفتاری چەوتی خۆم نەبووە؟ ئەمەریكا ناتوانێت بەخۆیدا بچێتەوە چونكە وەكو هەموو خۆسەپێنەرێك خۆی هەمیشە بەڕاست دەزانێت، هۆكاری لەمەش كاریگەرتر سیاسەتی ناوخۆی ئەمەریكایە. لەم حاڵەتەی ئەمڕۆدا سیاسەتمەدارانی ئەمەریكا لەژێر فشاری ڕای گشتی ناچارن وەڵام بدەنەوە بەڵام ڕای گشتی بۆ خۆی لەژێر كاریگەریی هۆكارەكانی ڕاگەیاندنایە كەئەوانەیش بەزۆری لەژێر دەستی جوولەكەن. ئەو جوولەكانەش دەیانەوێت جەنگێك لەم ناوچانە بەرپا بێت بۆ دوو مەبەست یەكەمیان داپۆشینی تاوانەكانی جوولەكە لەفەلەستین و بەهانە دۆزینەوە بۆ ئەو تاوانانە، دووەمیشیان لێدانی هەندێك ناوچە كە یەكەمیان تالیبانەو دووەمیان دەزگا ئەتۆمییەكانی پاكستانەو سێیەم و چوارەم و هەتا دوایی.. ئەو جەنگە چاوەڕێكراوە (ئەگەر تا دەرنەچوونی ئەم ژمارەیەی كۆمەڵ هەڵنەگیرسێت و لەچاوەڕێكردن دەرچێت) نموونەیەكە لەسەرئەوەی چۆن ئەمەریكا بڕیاری هەڵە دەدات و لەسەری دەڕوات و پاشان بەو هەڵەیەدا ناچێتەوە. بەم زووانەش چاوەڕێی گۆڕانكارییەك لەو سروشتەی ئەمەریكا ناكرێت.

### ( ٣ ) ڕەفتاری فیرعەون

ئەمەریكا ناوی (دادپەروەریی ڕەها) ی لەچالاكییە سەربازییەكەی خۆی ناوە. ناوێكی وا پرسیاری لای خەڵك دروستكردووە. دادپەروەریی ڕەها شایستەی تەنها خودایە، ئەمەریكاش بەم ناوە خۆی بەهاوشانی خودا دەزانێت. ئەم

ناوه لاپەڕیەکی مێژووی لەبەردەممدا هەڵدایەوە. کاتی خۆی سوڵتانەکان نازناوی تایبەتیان هەبوو. ئەم سوڵتانە نازناوەکەی (الملك العادل) بوو، ئەوەی تریان (الملك الناصر)بوو. یەکێك لەسوڵتانەکانی مەمالیك لەمیسردا نازناوی (الملك القاهر)ی هەڵبژارد. ناوێکی واش زیاتر بۆ خودا شیاوه (وهو القاهر فوق عباده) بۆیه بەو سوڵتانه وترا کەتا ئێستا هەرکەس ئەو نازناوەی هەڵگرتبوو خێری لەخۆی نەدیوەو ریسوا بووەو لەناو چووە سوڵتانەکەش لەترسدا ئەو نازناوەی گۆڕی. بزانین چۆن خودا دێتە وەڵام لەسەر ناوی (دادپەروەریی رەها) وەکو هاتە وەڵام لەسەر نازناوی (الملك القاهر) و پێشتر لەسەر (انا ربكم الاعلى) ی فیرعەون و غەیری فیرعەون.

# چەند پەراوێزێك بۆ هەڵمەتەکەی ئەمەریکا

## بەشی دووەم

رۆژنامەی کۆمەڵ ، ژمارە ١٠، ٢٠٠١/١٠/١١، لاپەڕە ٤

### ١- پەنابەران و هەلی ئەورووپا

شەڕی ئەمریکا دژی ئەو شتەی ناوی ئیرهابی لێناوە دەرفەتێکی گەورەی بۆ ئەورووپا رەخساند. ساڵانێك بوو شاڵاوی پەنابەرانی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا رووی کردبووە ئەورووپا. ئەورووپا لەلایەك پێویستی بەو پەنابەرانەیە وەکو سەرچاوەیەك بۆ کرێکاری هەرزان و بۆ دابینکردنی کرێکار بۆ ئەو کارانەی خەڵکی ئەسڵیی ئەورووپا نایکەن، بەڵام لەلایەکی ترەوە پەنابەران مەترسی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن؛ مەترسیی گۆڕینی پێکهاتی دانیشتوانی ئەسڵیی کیشوەرەکە، هێنانی داب ونەریتی نوێ ، تێکەڵ نەبوونی پەنابەران بەخەڵکە ئەورووپاییەکە بەشێوەیەك لەناویاندا بتوێنەوە و رەچەڵەکی خۆیان لەیاد بچێت... تاد.

ئەورووپا پێوستی بەپەنابەرانە بەڵام بەم ژمارەیەی ئێستا نا، هەموو جۆرە پەنابەرێکیش نا، لەبەر ئەوە ئەم هەڵمەتەی ئەمڕۆی ئەمریکا دژ بەو شتەی ناوی ئیرهابی لێ دەنێت پێوستی بەهەڵمەتێکی هاوشێوەی ئەورووپییە هەرچەندە ئەورووپا دەزانێت کەبەدەستخستنە ناودەستی ئەمریکا دەرگای((ئیرهاب)) لەخۆی دەکاتەوە و بەپێچەوانەوە ئەگەر لەهەڵمەتەکەی ئەمریکا بێ دەنگ بێت((ئیرهابییەکان)) چالاکی ((ئیرهابی))ی ئاراستە ناکەن. ئەورووپا سەرەتا لەگەڵ چارەسەرێکی سەربازیدا نەبوو بەڵام ئێستا سواری شەمەندەفەرە ئەمریکییەکە بووەو وەکو ئەمریکا بەرگێکی ئەخلاقی دەکاتە بەری ئەو مەبەستە تایبەتییەی خۆی. وەکو چەندین نموونەی پێشتر مەبەستێك و بەرژەوەندییەك هەیەو بەرگێکی ئەخلاقی پێویستە بۆ ئەو مەبەست و ئەو بەرژەوەندییە، ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی شارستانیی رۆژئاوا... ئەمە بۆ کەسێك تێبگات و بەدروشمەکان نەخەڵەتێت.

### ٢-فێڵێك لەنێوان کڕیارو فرۆشیاردا

هەمووجارێك ئەم قسەیە دەوترێت. رۆژئاوا، یان بابڵێین دەسەڵاتداران لەرۆژئاوادا موسڵمانان بەمەترسی دەزانن، مەترسی لەبەر ژمارەی زۆریان، مەترسی لەبەر فیکرەی جیهاد لەئیسلامدا، مەترسیش هەروەها لەوەی کەئەو موسڵمانانە پەیامێکیان هەیە بیگەیەنن، ئەگەر بەراستی پابەندی ئیسلامن، رابردوویەکی شارستانیشیان هەیە،

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

بەكورتی لەڕووی رابردووی شارستانییەوە هاوشانی رۆژئاوان و لەڕووی ئیمكانیاتی ژیانەوەی شارستانی دەتوانن ئەو هاوشانە بن. بەڵام چۆن زەبرێكی كوشندە نەك ورياكەرەوەمان لێ بوەشێنن؟ چ فێڵێك بكرێت بۆ ئەم مەبەستە؟ فێڵەكە ئامادەیە و كڕیاری هەیە، فێڵەكەش یەك رستەیە: ئێمە دژی ئیسلام و موسڵمانان نین. مرۆڤی گەمژە لەبازاردا دەخەڵەتێت چەندیش كاڵاكان لەناوەرۆكدا پەڕپووت بن، بەڵام كڕیارەكانی فێڵەكەی دوژمنانی ئیسلام گەمژە نین. كڕیارەكان دووجۆرن! بەشێكیان بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەم دوژمنانەدا یەكدەگرێت بۆیە ئەو رستەیە وەكو ئایەتێكی قورئان بەڵگە لەسەر چاكی و باشی رۆژئاوا دەهێننەوە، بەشەكەی تریش ئاستی ئیمانی وكەسایەتی ئیسلامییان ئەوەندە لاوازە كەچاوەڕێی زەردەخەنەیەك لەو دوژمنە بەهێزە تووڕەیە دەكەن. لەئێستاشەوەو تاماوەیەكی زۆری تر وبەهۆی ئەو شەڕە داهاتووانەی دژی موسڵمانان بەرپادەكرێن، پێویستە خۆمان لەسەر بیستنی ئەو رستەیە رابهێنین: ئێمە دژی ئیسلام و موسڵمانان نین.

## ٣-خەیاڵێكی خاو

لەمیانەی هەڕەشەكانی ئەمریكا هەندێك كەس لەناو خەیاڵێكی سەیر، خەیاڵیش بەزۆری سەیرە، مەلەدەكەن: هەڵمەتی ئەمریكا هەڕەشەیە بۆ دیكتاتۆرەكان. واتە دیكتاتۆرەكان لەمەترسیدان. ئەم خەیاڵە پێچەوانەی راستییە چونكە ئەمریكا لەمەڕ نەهێشتنی((ئیرهاب)) لەگەڵ فراوان كردنی ئازادییەكان لەئاسیا و ئەفریقیادا نییە.

ئەمریكا لەمەودوا داوا لەرژێمەكان دەكات چنگی خۆیان توندتر بكەن تارێگەكانی كاركردنی رێكخراوە نەیارەكانی ئەمریكا تەسكتر بكەنەوە، داوایان لێ دەكات دەزگاكانی موخابەراتیان بەهێزتر بكەن، ئێمە بەرەو سەردەمێك دەڕۆین كەتیایدا دیكتاتۆرەكان ستەمكارتر دەبن، بێگومان بێ ئەوەی دروشمە درۆیینەكانی دیموكراسی و ئازادی فەرامۆش بكرێت. جیهان هەموو بەرەو(مەكارثییەت) دەبرێت.

## ٤-ستالین زیندوو دەبێتەوە

بەڵام ئەمریكا پێش هەموو كەسێك زیندووبوونەوەی(مەكارثییەت)دەبینێت، لەپەنجاكانی سەدەی بیست و لەترسی كۆمۆنیزم، كەهەرگیز مەترسی بۆ ئەمریكا نەبووەو نییە ئەویش لەبەر تایبەتمەندییەكانی ئەمریكا وگەلەكەی و مێژووەكەی، سەردەمێكی تۆقاندن لەئەمریكادا بەرپاكرابوو كەبەناوی سیناتۆری ئەمریكی جۆزێف مەكارثی ناسراوە. تۆقاندنەكە وا باڵی بەسەر ئەمریكادا كێشابوو كەبەس بوو بۆ تیاچوونی هەر كەسێك نامەیەك بنێرێت كەئەو كەسە فلانە كتێبی خوێندۆتەوە یان رەشپێستێكی بۆ ماڵی خۆی بانگ كردووە. ئەو كەسە دەگیرا و تەحقیقی لەسەر دەكراو دەتۆقێنرا و هەتا ئەگەر رزگاریشی بوایە ژیانی دەبووە دۆزەخ چونكە كەس نەیدەوێرا توخنی بكەوێت.

ئەوەی لە سەردەمی(مەكارثییەت)كرا جیاوازیی نەبوو لەگەڵ كارەكانی حوكمی ستالین و هاوشێوەكانیان كاتێك كەس نەیدەوێرا قسە لای دۆستی خۆی بكات. بۆیە هەڵمەتێكی تری(مەكارثییەت)چاوەڕێی ئەمریكا و بەتایبەتی موسڵمانەكانی دەكات بەڵام ئەم جارە(مەكارثییەت)و بەپێی رەوتی عەولەمە جیهانگیر دەكرێت و پریشكی بەر وڵاتانی زۆر دەكەوێت و لەهەندێك وڵات دەبێتە ئاگرێكی سووتێنەر. واتە هەڵمەتەكەی ئەمریكا هەڕەشە نییە بۆ دیكتاتۆرەكان، مەگەر یەك دووانێكی وەكو صەددام، بەڵكو تەنانەت ئەمریكاش خۆی مومارەساتی دیكتاتۆری دەبینێت و ئازادییەكان تیایدا بەرهەڕەشەی تەسككردن دەكەون.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

## ٥- میللەتی مەڕ

لەشەستەکانی سەدەی بیستدا(ولیەم لیدەرەر) کتێبێکی بەم ناونیشانە نووسیبوو،لیدەرەر وتبووی کەئەمریکییەکان(خۆشی هەر ئەمریکی بوو) بوونەتە میللەتێکی مەڕ. لیدەرەر دەیوت کەسیاسەتمەداران و هۆکانی راگەیاندن راستییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەهاوولاتیەکانی ئەمریکا دەشارنەوەو ئەو گەلە لەم رووەوە چەواشە دەکەن.

لیدەرەر باس لەنهێنی دەکات کەچۆن زاڵە بەسەر چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. جۆرج بوش و غەیری‌جۆرج بوش ناوی(میللەتی مەزن) لەئەمریکییەکان دەنێن بەڵام دەمێك بوو لیدەرەر ناوی(میللەتی مەڕ A Nation of Sheep ی لەو گەلە نابوو. هەڕەشەی کۆمۆنیزمی ئەوسا باشترین بەهانە بوو بۆ شاردنەوەی چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوە لەئەمریکییەکان و هەڕەشەی ئیسلامیی ئەمرۆ بەهانەیەکی ترە.

## ٦-تۆ بڵێیت تۆڵە بێت؟

واتە تۆ بڵێیت بەرکەنارکردنی گەل لەسیاسەتی دەرەوە تۆڵەی دەسەڵاتدارانە لە گەلی دەسێنن چونکە ئەو دەسەڵاتدارانە ناچارن مەرایی بۆ گەل بکەن تاهەڵیانبژێرن!

(٧)

ئەمریکا و رۆژئاوا لەلایەك و لاوازیی موسڵمانان لەلایەکی تر وایان کردووە کەلەسەر لاشەی میللەتێکی موسڵمانان ودەوڵەتە ئیسلامییەکانی تر شتیان دەستگیر بێت: یارمەتی بۆ ئەو دەوڵەتو پشتگیری بۆ ئەو دەوڵەت هەمووشی بۆئەوەی بچنە ریزی هەڵمەتەکەی ئەمەریکا تا شەرعیەتێکی ئیسلامی بدەنە هەڵمەتەکە. کارەساتەکە بۆ پاکستان گەورەترە چونکە حکومەتی تاڵیبان هاوپەیمانی پاکستانەو قووڵاییەکی ستراتیجیە بۆی بەڵام ترسی سزای ئەمریکی هەروەها تەماعی کەمکردنی قەرزەکانیو لابردنی سزاکان پاڵیان بەپەروێز موشەڕەفەوە نا بۆ وازهێنان لەو هاوپەیمانەو لەو قووڵاییە ستراتیجیە. ئەمەش کارەساتی میللەتی لاوازە کەلەسەر لاشەی بەشێکی ئەوانی‌تر بەدوای دەستکەوتدا دەگەڕێن.

## ٨-ترسی دوژمندار

مرۆڤ کە دوژمندار بوو هەمیشە لەترسدایە. ئەمەریکا هەمیشە لەترسدایە. خۆی دوژمنی بۆ خۆی دروست کردووەو لەو دوژمنانەی دەترسێت. دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا ئەو گۆبەندەیان بۆ گەلەکەیان دروستکردووەو وریاشی دەکەنەوە کە تۆ دوژمنداریت. ئەمەریکا ناچارە بەردەوام خەنجەر لەپشتێن بێت. خەنجەرەکەی خوێنی تاوانبارو بێ تاوانی لێدەتکێت.

## ٩-ئەمانەتی هەواڵ

پەراوێزێکیش بۆلای خۆمان وئەمانەتی هەواڵ کە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی وەکو بەشی زۆری دەزگاکانی جیهان نایپارێزن. لەئیزگەیەکدا بیستم کابرا دەیوت: ئوسامە بن لادن لە چاوپێکەوتنێکدا کەپێشتر کەناڵی (ئەلجەزیرە) لەگەڵیدا کردبووی‌و جارێکی‌تر پەخشی کردۆتەوە گاڵتەی کردبوو بەوانەی دەڵێن عێراق کیمیایی دژی کورد بەکارهێناوە من بۆ خۆم ئەو چاوپێکەوتنەم بینیبووو دەزانم ئوسامە وای نەوت ئەو باسی ئەوەی کرد کە

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئەمەریكا دەڵێت عێراق ئەم كارەی كردووە بەڵام هەر ئەمەریكا خۆی بوو ئەوكاتە پشتیوانیی لێدەكرد. ئەو كابرایەش كە ئەو شتەی بۆ ئیزگە كوردییەكە نووسیبوو یان عەرەبی نازانێت یان باش گوێی لەدیدارەكە نەبووەو یان ئیحتمالەكەیتر كە لێرەدا نایڵێم.

## ١٠- هەموومان شەریكین

باسكردن لەئیرهاب و ئیرهابیەكان لەكوردستاندا رووی هیچ كەسێك سپی ناكات. رۆژئاوا كە داهێنەری ئیرهابە تائەمڕۆ بەچەند شێوازێك پیادەی دەكات بەڵام گوایە دژی ئیرهابە، لەكۆتایی هەموو حسابێكیش یەك حسابی لا دەمێنێتەوە: موسڵمانان سەرجەم ئیرهابین، یان بە شێوەیەكیتر: وڵاتانی موسڵمانان سەرچاوەی ئیرهابن.. ئەركێكی ئێمە ئەمڕۆ رەواندنەوەی ئەو تۆمەتەیە، عەلمانییەكە هەروەكو ئیسلامییەكە پێویستە ئەمە بكات چونكە هەرئەوەندە تۆمەتەكە پێمانەوە لكا، تازە لكاویشە، عەلمانییەكانیش دەگرێتەوە.

رۆژئاوا فێرە حوكمی گشتی بەسەر خەڵكیدا بدات. رۆژئاوا لەیەكەم حوكمیدا جیاوازی نێوان ئەوەی رۆژئاواییە وئەوەی رۆژئاوایی نییە دروست دەكات، هەروەها نێوان ئەوەی ئەو نەصرانیەو ئەوەی نەصرانی نیە، تەنانەت نێوان نەصرانیەتی رۆژئاوایی‌و نەصرانیەیی رۆژهەڵاتی. كەباس لە ئیرهاب لەناو كوردستاندا كرا سەرجەم كوردستان وەكو یەكێك لەسەرچاوەكانی ئیرهاب تەماشا دەكرێت. ئەگەر بەردەوام باس لەئیرهاب لەكوردستاندا بكرێت ئیتر هەركەسێك ئەگەر بێ دینیش بێت هەر ئەوەندە بگاتە وڵاتێكی ئەورووپی حسابی ئیرهابی لەگەڵدا دەكرێت.

وەكو وتم رۆژئاوا حوكمی گشتگیر دەدات: ئەو دەڵێت عەلمانی یان ئیسلامی جیاوازیی نییە. ئێوە لەكۆتاییدا بەكوردی موسڵمان لامان حسابن. كە گەیشتینە ئەو رۆژە تێبگە ئەگەر پێیان وتی تۆ كوردی موسڵمانیت‌و بزانە مەبەستیان ئیرهابیت. مرۆڤی ژیر چی لەناو ماڵەكەیدا روودەدات دایدەپۆشێت نەك بەناو حەوت گەڕەكدا هاوار بكات ونهێنی ناو ماڵی خۆی ئاشكرا بكات. ئەگەر مرۆڤی ژیرمان هەبێت بەجیهان دەڵێین ئێمە ئیرهابیمان نیە تەنانەت ئەگەر هەشمانبێت.